**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی نەتەوە یەكگرتووەكان لەچارەسەركردنی كێشەی ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان

## (ڕاپۆرتەكەی ستیڤان دیمستۆرا لەسەر قەزای مخمور وەك نموونە)

**م.ی. سەنگەر احمد حسێن**
زانستە كۆمەڵایەتییەكان، پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەددین، هەلێر، هەرێمی كوردستان، عیراق
sangar.hussein@su.edu.krd

**پ.ی.د. سیروان عارەب سادق**
زانستە كۆمەڵایەتییەكان، پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەددین، هەلێر، هەرێمی كوردستان، عیراق
serwan.sadiq@su.edu.krd

**پ.ی.د. عبدالحمید عبدالله**
زانستە كۆمەڵایەتییەكان، پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەددین، هەلێر، هەرێمی كوردستان، عیراق
hamed.salih@su.edu.krd

**زانیاریەكانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/١٠/٧
**پەسەندكردن:** ٢٠٢٠/١١/٢٩
**بڵاو كردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەكییەكان**

## پوختە

كێشەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارە ی هەرێم بە گەورەترین گرفت دادەنرێت ، لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی عیراق و هەرێمی كوردستان، ئەم گرفتە جگەلە ڕەهەندی نێوەخۆی ڕەهەندێكی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە بۆیە چارەسەركردنی پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەن هەیە.
لە پاش ڕاپەرینی (1991) بەشێكی لە خاكي كوردستان ڕزگار بوو و بەشەكەی تر كەوتە ژێر دەستی ڕژێم ، تا رووخاندی رژێمی بەعس

*Disputed areas, Stefan Demstora's report, Makhmour Article 140, Kurdistan regions*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.5.4.06

لەسالی (2003) ئە م ناوچانە ئازادکران جارێکتر بوونە جێگای ململانێی نێوان هەردوو حوکمەتی (هەرێمی کوردستان و عیراق)و لەئەنجامدا لەسالی (2004) گەیشتنە رێکەوتن لە ریگای دارشتنی مادەیەك لەیاسای کاتی بەرێوەبردنی وولاتی عیراق بە ناو مادەی (58)، پاشان مادەی (140) ی دەستووری عیراقی سالی (2005) شوێنی گرتەوە بەو ناوچانە دەگوترا (ناوچە کێشە لەسەرەکان) کەلەسنووری قەزای شەنگالەوە دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت بەقەزای بەدرە ، ئەویش لە سێ قۆناغ پێکدەهات بۆ جێبەجێ کردنی تا کۆتایی سالی (2007) ،بەڵام ئەم ماوەیەش رۆیشت کێشەکە چارەسەر نەکرا، بۆیە هەردووحوکمەتی (هەرێم وعیراق) رازی بوون بەهاتنە ناوەوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان).

سەبارەت بە قەزای مخمور کە بەشێکە لەم گرفتە لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵسەنگێنین لەچارەسەرکردن و ئیدارەدانی ناوچەکە.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە: خۆی لەچارەسەرنەبوونی ئەم کێشەیە دەبینێتەوە وە بەردەوام بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت وە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نابینرێت بۆ چارەسەری بنەڕەتی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتی یە لە هەوڵدان بۆ دەرخستنی رۆڵی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەعیراق لەچارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بەتایبەت قەزای مەخموور.

گرنگی (ناوچە کێشەلەسەرەکان) و بەقەزای مەخووریشەوە کۆمەلی تایبەتمەندی هەیە لەرووی (جوگرافی و دانیشتوان و جواروجۆری ئەتنۆگرافی وئابووری و سەربازی) بەدیارترین سیماکانی ئەم ناوچانە دادەنرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی:

هەلکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان خاوەن تایبەتمەندیەکی گرنگە لە رووی هەمەجۆری پێکهاتەکانی نەتەوەیی وئاییني دانیشتوان ،بەجۆرێک هەر لەکۆنەوە وەکو پردێك بووە بۆ نەتەوە و کۆمەلگاکان پێدا تیپەربوونە لەرۆژهەلات بۆ رۆژئاوا وبەپێچەوانەوە، بەتايبەت ناوچەكانی هیلَی درێژبووە سنوري نیوان عیراقی عەرەبی وهەرێمی کوردستان (ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) . قەزای مەخموور وەکو یەکێك لەوناوچانە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق سالی (2003)خرایە چوارچێوەی مادەی (140) ی دەستووری عیراقی و دواتر جێ بەجێ نەکرا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەعیراق لەرێگەی نوێنەرەکەی (ستیڤان دیمستۆرا) هاتە ناو کێشەکەوە و نەخشە رێگایەکی دانا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەمەش لەرێگەی ئامادەکردنی راپۆرتێك کەلەسێ قۆناغ پێك دەهات و قەزای مەخمووریش لەیەکەم قۆناغی ئەم راپۆرتە بوو.

**یەکەم : گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکەدا لەم خالانەی خوارەوە ئەیخەمەروو:

1- کەمی توێژینەوەیەکی وورد و رێك و دەربارەی راپۆتەکەی (دیمستۆرا) و کێشەی قەزای مەخموور.

2- قەزای مەخموور تایبەت مەندە بە جۆراوجۆری ئەتنۆگرافی دانیشتوان کە لەپێکاتەکانی هەردوو نەتەوەی (کورد و عەرەب) پێك دێت.

**دووەم : هۆکاری نووسینی ئەم لێکۆلینەوە:**

هۆکاری نووسینی ئەم بابەتە دەگەرێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

1- جێبەجێ نەکردنی مادەی (140)ی دەستوری عیراقی دەربارەی قەزای مەخموور کە تا ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە.

2- قەزای مەخموور کێشەیەکی چارەنووس سازە بۆ کوردستانیانی قەزاکە و هەرێمی کوردستان.

3- بوونی دوو ئیدارەی (هەولێر – نەینەوا) لەبەرێوەبردنی قەزای مەخموور ئەمەش ئاستەنگی زیاتر دروست دەكات.

4- دابرانی ناحیەی (قەراج) لەقەزای مەخموور لە راپۆرتەكەی (دیمستۆرا) پشتی بەهیچ بنەما و پێوەرێك نەبەستووە.

**سێ یەم : ئامانجی لێكۆلینەوە:**

بریتی یە لە هەوڵدان بۆ دەرخستنی رۆلی نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان لەعیراق لەچارەسەركردنی كێشەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم بەتایبەت قەزای مەخموور . لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەكە دەبەشكراوە بۆ چوارو تەوەر و بەم شێوەویە :

تە وەری یەكەم: تایبەت مەندی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە

تە وەری دووەم/ناساندنی چەمكی بەڕێوەبردنی كێشەكان لەلایەن **UN.**

تەوەری سییەم: نەتەوەیەكگرتووەكان  رولی لە چارە سەركردنی كیشەی ناوچەكانی دەرەوەی وئیدارەی هەریم  قەزای مخمور

تەوەری جوارەم: هەلسەنگاندن بۆ راپۆرتی استیفان دیمستۆرا دەكەین لەرووی (بنەماكانی و ئەنجامەكانی).

1- ناساندنی ناوچەی لێكۆلینەوە و چەمكی بەڕێوەبردنی ململانێ و كێشەكان  لەلایەن رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان:

1-1 ناساندنی ناوچەی لێكۆلینەوە

قەزای مخمور یەكێكە  لە كۆنترین قەزاكانی پارێزگای هەولێر، لەڕووی شوێنی جوگرافی كەوتۆتە باشوری رۆژئاوای پارێزگاكە و ناوەندی دوو رووبار هەڵكەوتووە كە بریتییە لەڕووبارەكانی (زێی بچوووك،زێی گەورە)، لەڕووی شوێنی ئەستڕۆنۆمیەوە قەزای مخموور كەتۆتە نێوان هەردوو بازنەی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پانی (ˉ٢٦˚،٣٥) و (ˉ١٥˚،٣٦) ی باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (ˉ٢٣˚،٤٢) و (ˉ٥٨˚،٤٣) ی ڕۆژهەڵات. نەخشەی ژمارە(١).

ناوچەی توێژینەوە سەبارەت بە یەکە کارگێریەکانی دەوروبەری، لەبەشی باکورهاوسنورە لەگەڵ ناحیەی (ڕزگاری) سەربەقەزای خەبات، لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی (شەمامک)ە، لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی (قوشتەپە)یە کەسەر بە قەزای دەشتی هەولێرە، ناحیەی (سەرگەڕانی) ی سەربە قەزای (دووبز) دەکەوێتە بەشی بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی کە سەر بە پارێزگای (کەرکوک)ە ، لەبەشی باشوری قەزای (شەرگات) کەسەر بە پارێزگای (سەڵاحەددین)ە ، هەروەها لەبەشی باکووری ڕۆژئاویدا هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی (نەمرود)، بەشی باشووری ڕۆژئاواکەشی ناحیەی(گەیارە)یە سەربەقەزای ناوەندی نەینەوایە، نەخشەی (٢).

قەزای مخمور پێگەیەکی گرنگی هەیە لە نێو پارێزگای هەولێر، چونکە دەروازەیەکی فراوانی تەواوی دەشتی هەولێرە و نێوەندێکە کە هەرسێ شاری (هەولێر و کەرکوک و موسڵ) بەیەکەوە دەبەستێتەوە.(اسماعیل،٢٠١٥،لا٤)

سەبارەت بە گۆڕانکارییە یەکە کارگێرییەکانی قەزای مەخموور لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٠٩) دەبینین ناوچەی توێژینەوە دووچاری هەڵبەز و دابەزین بۆتەوە، بەهۆی باردۆخی سیاسی بەجۆرێک لەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) قەزاکە لە (٤) یەکەی کارگێری پێکهاتبوو، کە بریتبوون لەهەریەک لە ناحیەکانی (سەنتەر و قەراج و کەندێناوە و گوێر) بەڵام لەساڵی (١٩٦٥) کەمکرایەوە بۆ سێ ناحیە ئەوانیش (سەنتەر و گوێر و کەندێناوە) دوای چەندین گۆڕانکاری دووبارە لە (٢٠٠٩) بوو بە هەمان شێوەی ساڵی (١٩٥٧)بوو بە چوار یەکەی کارگێری لەچوارچێوەی قەزای مخمور.(محمد،٢٠٠٣،لا٨)

گۆڤاری قەڵای زانست


گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی - ١ -

شوێنی جوگرافی قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: کاری توێژەران: پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشەسازی GIS،2019

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی -٣-
قەزای مەخمور بە گوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی دەورو بەری




سەرچاوە: کاری توێژەران: پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشەسازی GIS،2019.

## 2-1 ناساندنی چەمکی بەڕێوەبردنی ململانێ و کێشەکان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

لەکاتی تێکچوون و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان لەنێوان وڵاتاندا، ڕۆڵی یاسایی نیودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی گرینگ و بەرچاو دەبێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم ململانێ و ناکۆکییەنە پێویستە هۆکاری کێشەکان و پلەی ناکۆکییەکان دیاری بکرێت، بەئامانجی کۆتایی هێنان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دروست دەبێت کاتێك وڵاتان جەنگ بەباشتر دەزانن لە ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، نموونە وڵاتی ئەڵمانیای سەردەمی (هیتلەر) ، کە هەوڵی دا لەبری پاراستنی ئاسایشی وڵاتی خۆی وڵاتی تر داگیربکات لەڕێگەی جەنگ.**(Kelsen. 1966. P.508)**

((ململانێ و ناکۆکی)) لەڕەهەندی نێودەوڵەتی بە واتایی تاوانبارکردنی یەکتر دێت لەنێوان دوو کەس یان دوو لایەن لەنێو سنوری یەك وڵات بێت یاخود دوو وڵاتی جیاواز، یاسایی نێودەوڵەتی دروست دەبێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە کە پێویستە هەردوو لایەن پەیوەست بن بە یاسا و ڕێساکانی ڕێکخراوی نیودەوڵەتی.

ململانێ و ناکۆکی ((**Conflict**))، لە وشەی لاتینی ((**Configure**)) وەرگیراوە، بە واتایی لێکدانی دووشت بەیەکەوە دێت. هەندێك لەنووسەران دەڵێن: (ململانێ) بریتیە لەهەرەشە و ناکۆکی لەسەر بەها و دەسەڵات و سەرچاوە سروشتیەکان و خاك دەگرێتەوە. **(Mitchell.1981. P.123)**

بەڕێوەبردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان (Conflict management): بریتییە لە ڕەنج و کارکردن بەمەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفتە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان، یاخود کەمکردنەوە توونودتیژی لەنێوان لایەنەکاندا، بە ئامانجی هێمنکردنەوەی باردۆخەکە.

لێرەدا فەلسەفەی بەڕێوەبردنی چارەسەرکردنی ململانی و ناکۆکییەکان پەیوەستە بە دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش و خاڵی بەیەکگەیشتن لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان، بەمەبەستی دروستکردنی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


پەیوەندی ئاشتییانە لەنێوانیاندا، بەڕێوەبردنی ((ململانێ و ناکۆکییەکان)) زانستێکی هاوچەرخ و نوێییە کە بەردەوامە لەگەشەکردن و پێشکەوتن لەگەڵ گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکاندا.

بۆنموونە زانکۆی (میشگان) لە وولایەتە یەکگرتووەکان لەساڵی (1975) گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی (گۆڤاری چارەسەرکردنی ململانێ و ناکۆکییەکاییەکان) بەرلەوە لەساڵی (1959) پەیمانگای توێژینەوەی (ململانێ و ناکۆکییەکان) لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج دامەزرا، بەئامانجی بەڕێوەبردنی ململانێ و ناکۆکییەکان گۆڕینیان بۆ چارەسەرکردن لەڕێگای دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان و دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز و پتەو لەنێوان لایەنەکاندا، هەروەها هەوڵی دا بۆ کەمکردنەوەی تووندوتیژی ئەنجامدانی ڕێکەوتنامە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان. **(Kriesberg.2007. P.19)**

مەبەست لە بەڕێوەبردنی کێشەکان بریتیە لە هونەری بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردن، بەواتایەکی تر واتا هەوڵدان بۆ ڕێگری کردن لە پەرەسەندنی هەر کێشەیەك بەرەوە تەقینەوەی زیاتر، لەم بارەیەوە (أمین هویدی) دەڵێت: مەبەستی سەرەکی لەبەڕێوەبردنی کێشەکان بریتیە لەڕێگری کردن لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ نێوان لایەنەکان، لەڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی چونکە لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەڕێوەبردنی کێشەکان هەرەس دەهێنێت.( هویدی 1992،ص39)

لەکۆتایی دا کاری سەرەکی (**UN**)بریتیە لەبەڕێوەبردنی ململانیە نێودەڵەتییەکان و دورخستنەوەی مەترسییەکانی بەکارهێنانی هێز، بەڵام توێژەر پێی وایە ئامانجی نەتەوەیەکگرتووەکان لەچوونی بۆ ناو هەر کێشەیەك مەبەستی یەکەمی چارەسەرکردن نییە بەڵکو ئیدارە دانە تاکو لەدەستی دەرنەچێت، نموونەی چەندین کێشەی جیهانی مان هەیە کە ئەم ڕێکخراوە چۆتە ناوی و چارەسەریش نەکراوە وەکو کێشەکانی (بیابانی خۆرئاوا و کێشەی کشمیر و کێشەی فەڵەستین – ئیسرائیل....هتد)، لەکاتی ئێستاشدا نموونەی وڵاتی سوریایە کە دوای چەندین کۆبوونەوە تاکو ئێستا چارەسەرنەکراوە، هۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی کێشەکان دروستکراوە لە دەرەوەی ئیرەدەی گەلانی خاوەن کێشە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندنی وڵاتە زلهێزەکان کە خاوەن بڕیاری کۆتاین لە ئەنجومەنی ئاسایش کە خاوەن مافی (ڤیتۆن) .

## 1-2 ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوی سنوری هەرێم.

پاش راپەرینەکەی سالی (1991) گەلانی عیراق و ئەوەبوو بەشێکی خاکی کوردستان رزگار بوو و ئەوەی ماوە کەوتە دەست رژێم تاسالی (2003) کە وولاتی عیراق رزگاری بوو، ئەم ناوچانە ناوییان لێنرا (ناوچەکیشەلەسەرەکان) کە گرنگی ئابووری و ئەتنۆگرافی و سیاسی هەبوو بۆ هەردوو حوکمەتی (هەرێم و عیراق ئەمەش بووە مایەی سەرهەلدانی کێشە لەسەر ئەم ناوچانە بەپێی مادەی (140) رێی بە (نەتەوەیەکگرتووەکان) دا بێنە ناوکێشەکەوە، ئەمەش هەرێمی کوردستانی عیراق دوورنەبوو لەئەنجامەکانی دەست تێوەردانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەبەشێکە لەدەولەتی عیراقی نوێ، دەکەوێتە چوارچێوەی (بەندی حەوتەم) لەبریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسالی (2003)دا یاخود لەرێگەی چوونە ژوورەوەی هێلی گەرم کەبریتی بوو لەکێشەی (ناوچە کێشەلەسەرەکان) لەنێوان حوکمەتی هەرێم و حوکمەتی فیدرال کەبەپێی مادەی (140) ی دەستووری عیراقی لەخۆدەگرێ ، پێش مادەی (140) مادەی (58) لەیاسای کاتی بەرێوەبردنی وولاتی عیراق لەسالی (2004) هاتبوو کە بەدوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێ کە بریتی بوو لەگەراندنەوەی کۆچبەرەکان بۆ ناوچەکانیان و عەرەبە هاوردەکانیش بۆ پارێزگاکانیان و قەرەبووکردنەوەیان لەو زیانانەی پێیان گەیشتووە و چارەسەرکردنیان گۆرانکارییەکان سنوورە کارگێرییەکان و ئەنجام دانی سەرژمێری بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکان.هەر لەو مادەکە دا هاتووە ئەگەر هەردوو لایەن نەگەیشتوونە رێکەوتن ئەوا پەنا دەبەنە بەر نابژیوانێك ئەویش لەژێر چاودێری (نەتەوەیەکگرتووەکان) دەبێت ، کەکەسێك دەست نیشان دەکات بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك . پاش ئەوەی لەشوێنی مادەی (58) مادەی (140) ی دەستووری عیراقی بۆ سالی (2005) شوێنی گرتەوە کە تێدا ئاماژە کراوە بەچارەسەرکردنی کێشەکە بەسێ قۆناغ (ئاسایی کردنەوە ، سەرژمێری ، راپرسی) ماوەی کۆتایی مادەکە لەسالی (2007) تێ پەرنەکات. هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندە سەرۆك وەزیرانی عیراق (نوری مالکی) بڕیاری دابوو کەقۆناغی یەکەمی مادەی (140) لەمانگی تەموزی (2007) کۆتایی پێ دێت و لەتشرینی یەکەم قۆناغی دووەم کاتی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوانە و لەدوا قۆناغدا ئەنجامدانی راپرسی لەسەر کەرکوك و ناوچەکانی تر لەتشرینی دووەم دەبێت. ئەمەش جێبەجێ نەکرا بەهۆی ئەنجام نەدانی (سەرژمێری دانیشتوان)و کاتی جێبەجێ کردنی مادەی (140) نزیك بۆوە لەکۆتاییەکەی، بەڵام لایەنی کوردی پابەندی خۆی راگەیاند بۆ دەستوور و جێبەجێ کردنی مادەی (140)، ئەوەش ململانێی وکێشەی نێوان هەردوو حوکمەتی (هەرێم و عیراق) زیاتر کرد، وای کرد (نەتەوەیەکگرتووەکان) بێتە ناو کێشەکەوە وببێتە ناوبژێوانێك لەنێوان هەردوو لایەن ، پێشنیاری درێژکردنەوەی ماوەی مادەی (140) کرد بۆ (6)مانگی تر،حکومەتی عێراقی رازی بوو و حوکمەتی هەرێمیش لەرێگەی رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانەوە رازی بوو ، بەڵام لەو ماوەیەشدا هیچ هەنگاوێکی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە نەهاوێشترا بەلکو رێگە خۆشکەرێك بوو بۆ هاتنە ناوەوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ ناو کێشەکە و بەم پێیەش کێشەکەی نوێ کردەوە ، هەرچەندە دەولەتی عیراقی بەکۆمەلێك گرفتی سیاسی و ئابووری و ئەمنی دا دروات ئەمەش بارودۆخەکەی ئالۆزتر کردەوە وتا ئێستاش مادەی (140) لەقۆناغی یەکەم دایە. (محمد،٢٠١١،لا٦١).

**2-1-2** ناوچە کوردستانیەکان و رێگایەك بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان:

ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکەوێتە سەرپارچە زەویەك لەشێوەی پشتێنەیەك درێژدەبێتەوە و لەباکووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەلات ، دەست پێ دەکات لەقەزای شەنگال لەپارێزگای نەینەوا و بەپارێزگای کەرکوك دا دەروات و کۆتایی دێت لەقەزای بەدرە لەپارێزگای کوت (واست)(محمد،٢٠١١،لا51).

گرنگی (ناوچە کێشە لەسەرەکان) تەنها شوێنی جوگرافیەکەی نیە بەلکو گرنگی ئەپنوگرافی و ئابووری یە بەمەش بریتیە لە شوێنی بەیەك گەیشتنی نەتەوەکان و مەزهەبەکان و ئاینەکان ، لەگەل ئەوەشدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەنتەری بەبازاریکردن و ئالوگۆڕیکردنی کەل و پەلەکان و خزمەتگوزارییەکان لەنێوان ناوچەکانی چیا بەرزەکان لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دۆل و دەشتەکان، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ شەر وپێکدادان لەنێوان سەرکردە کوردیەکانی عیراق و حکومەتەکانی ناوەندی عیراقی، هەروەها پێوەرێك بووە بۆ دیاریکردنی ئاستی پەیوەندی نێوانیان دا، ئەمەش وای لەحوکمەتەکانی عیراق کردووە بەهەموو جۆرە ئامرازێکی جۆراوجۆری بەکارهێناوە بۆ کۆنترۆل کردنی ناوچەکە ئەمەش بەمەبەستی گۆڕانی دیمۆگرافیای دانیشتوانەکەی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب. ئەگەر باسی مێژووی (نەتەوەیی) ناوچە کێشەلەسەرەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە (وولایەتی موسل) کەشاری کەرکوك گرنگترین شارەکانی بووە و سەنتەرێك بووە بۆ وولایەتی (شارەزوور) پێش پێکهێنانی وولایەتی (موسل)، کەزۆرینەی دانیشتوانەکی لەکورد بوون،(محمد،٢٠١١،لا 64). کاتێك (کۆمەلەی گەلان) لێژنەیەکی ناردە (وولایەتی موسل) چاوییان بەزۆربەی خەلکی (وولایەتی موسل) کەوت، لەوانە سەرۆکی عەشیرەت و فەرمانبەران و گروپە سیاسیەکان ، دواتر راپۆرتێکیان بەرزکردەوە بۆ (کۆمەلەی گەلان) لەسالی (1925) لەراپۆرتەکە بەم شێوەیە باسی کێشەکە کرا: (محمد،2012،لا196).

أ- لەعیراق سێ هەرێم هەیە کەبریتین لە: عیراق ، جەزیرە ، هەرێمی کوردستان
ب- سنووری عیراق لەتکریت تێپەڕناکات لەسەرکەناری رووباری دیجلە(هیت)وهەتا رووباری (فورات).
ت- ئەو زەویانەی کێشەی لەسەرە ، رۆژێك لەرۆژان بەشێك نەبووە لەعیراق.

زۆربەی مێژووناسانی عەرەب و رۆژهەلات ناسەکان رێکەوتن لەسەر ئەوەی (کەرکوك) و (ناوچە کێشەلەسەرەکان) بەشێك بووە لە ناوچەی (کوردی) هەروەکو لەکتێبی (دلیل مشاهید الالویه العراقیه)، پێشەکیەکەی دەلی (کەرکوك بوکی کوردستانە). هەرچەندە زۆرهەنگاو نراوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (کەرکوك) و (ناوچە کێشەلەسەرەکان) لەلایەن (لایەنە دیاریکراوەکان بەکەیسی کورد) بەڵام تا ئێستا نەگەیشتونەتە رێکەوتنێك بۆ رازی کردنی لایەنەکان. بەڵام پاش رووخانی رژێمی بەعس سالی (2003) ئیدارەی نوێ عیراق دانی نا بە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

• بەو رژێمەی لەهەریمی کوردستان حکوم دەکات و کەپاش راپەرینی (1991) بەسنووری ئێستاکەی دروست بوو.

• چارەسەرکردنی کێشەی (کەرکوك) و ناوچەکانی تر لەرێگەی مادەی (58) یاسای بەرێوەبردنی کاتی وولاتی عیراق و لەپاشان مادەی (140) (پاشکۆی 1 و 2) ی دەستووری عیراقی شوێنی گرتەوە. لەپاشان کاری جێبەجێ کردنی مادەی (140) بەشێوەیەکی زۆر لەسەرەخۆ دەرۆیشت و رووبەرووی کێشەی نوێ بۆوە، وەك پرۆژەی (بیکر – هاملتۆن) کەکێشەکە گراندەوە چوارگۆشەی یەکەم، پێشی وابوو (کقنبلە موقوتە – بۆمبێکی تەوقیتکراو) ، داوای کرد وولاتانی هەرێمی و نێودەولەتی بێنە ناو کێشەکەوە و راپرسیش دوابخرێت. (محمد،٢٠١١،لا65).

**3-1-2** لەلێژنەی کۆمەلەی گەلان بۆ شاندی (نەتەوەیەکگرتووەکان):

کاتێك میللەتی کورد بەختی یاربوو لەدوای راپەرینی ئاداری (1991) ئازاد بوو، چەند بەشێکی نیشتیمانەکەی هەر لەژێر دەسەلاتی عیراق مایەوە، کەبەدەستی بێ ناسنامەیەوە دەینالاند ، ئەویش لەئاکامی شالاوەکانی راگواستن و وولاتبەری و دروست کردنی کۆمەلگای نیشتەجێ بۆ عەرەبانەی لەدەرەوەی ناوچەکەوە دەهێنران، ئەم ناوچەیەش بەپشتێنەکی زەوی بوو لەقەزای شەنگال لەپارێزگای نەینەوا دەست پێ دەکات و تا دەگەیشتە قەزای بەدرە لەپارێزگای کوت (واست). (محمد،٢٠١٢،لا١٤٠). لەپاش (2003) میللەتی کورد خەونەکەی هاتە دی ئەمەش زۆری نەخایاند لەسالی (2004) لەیاسای کاتی بەرێوەبردنی وولاتی عیراق لەمادەی (53) دانی بەسنووری هەرێمی کوردستان نا ، ئەم دان پێنانەش بەشێکی نیشتیمانی کوردی گرتەوە ، ئەوەی تر مایەوە بووە بەشێك لەناوچە دابرێندراوەکان کەلەژێر دەسەلاتی ئیدارەی کوردی نیە، ئەمەش مادەکیان بۆ دانا لەیاسای کاتی بەرێوەبردنی وولات بریتی بوو لەمادەی (58) و دواتر لەسالی (2005) مادەی (140) ی دەستووری عیراقی شوێنی گرتەوە و کەماوەی ئەم مادەیە لە سالی (2007) کۆتایی پێ دێت و لەپاش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادەکە هیچ هەنگاوێکی چارەسەر نەهاوێشترا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. لێرەدا (نەتەوە یەکگرتووەکان) رێگەیەکی دۆزینەوەی بۆ لایەنەکان ئەویش بەردەوامبوونی مادەی (140) بۆ ماوەی (6) مانگی تر کەدەکاتە مانگی (حزیران)ی سالی (2008)، ئەمەش سەرکردایەتی کورد هیچ بەدیلێکی تری نەبوو جگە لەرازی بوون. هەرچەندە گەلی کورد گومانی هەبوو لەهاتنە ناوەوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ، چونکە مێژوو پێمان دەڵێ کۆمەلگای نێودەولەتی هەردەم ستەمی لەکورد کردووە ، هەروەکو لێژنەی (کۆمەلەی گەلان) لەسالی (1924) کەهەولی دا کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکانی نێوان (عراقیەکان و تورکەکان) چارەسەربکات ، ئەمەش چاوی بەزۆرینەی خەلکی وولایەتی (موسل) کەوت بگرە (سەرۆکی هۆزەکان و گروپە سیاسیەکان و فەرمانبەران) هاتبوو(محمد،٢٠١١،لا ٦٨).

ئێستاش مێژوو خۆی دووباردەکاتەوە (نەتەوە یکگرتووەکان) لەرێگەی راپۆرتەکەی دەربارەی (ناوچە کێشەلەسەرەکان) لەژێر دەسەلاتی ئەمریکیەکان لەعیراق و بەرژەوەندیەکانی لەناوچەکەدا. پرۆژەی (دیمستۆرا) کە نوێنەری (نەتەوە یەکگرتووەکان)بوو لەعیراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (ناوچە کێشەلەسەرەکان) سێ قۆناغی دانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بریتی بوو:

- قۆناغی یەکەم: قەزاکانی ئاکرێ ، حەمدانیە ، مەخموور ، مەندەلی.
- قۆناغی دووەم: قەزاکانی شەنگال ، تەلەعفەر ، شێخان ، تلکێف ، خانەقین.
- قۆناغی سێ یەم: پارێزگای کەرکوك

(دیمستۆرا) بۆ یەکلایی کردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی (ناوچەکانی کێشەلەسەر) پشتی بەم بنەمایانە بەستووە:

(مێژووی ئیداری ، ئاستی خزمەتگوزاری ، گۆرانکارییەکانی پاش (2003)، هەلبژاردنی سالی (2005)، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، سکالا و قەربووکردنەوە ، بارودۆخی ئاسایش ) ، بەڵام ئەگەر زیاتر

لەراپۆرتی (دیمستۆرا) ووردبینەوە دەبینین زۆرپشتی بەبنەمای (مێژووی ئیداری) بەستووە زیاتر لەبنەماکانی تر.

**1-2-2** هەلسەنگاندنی راپۆرتەکە دیمستۆرا لەسەر ناوچەی توێژینەوە:

قەزای مەخموور لەپاش سالی (1991) ئەو هەموو نەهامەتی و سیاسەتی (تعریب – ترحیل) بینی ، ئەوەبوو لەسالی (2003) پاش پرۆسەی ئازادی عیراق دانیشتوانەکەی هەوای ئازادییان هەلمژی ، بۆ سرینەوەی ئەم سیاسەتانەی کە (رژێمی بەعس) لەقەزاکە ئەوەبوو قەزای (مەخموور ) هەروەکو ناوچەکانی تری کوردستانی دەرەوەی کوردستان بۆ چارەسەرکردن و گەیشتن بەرێکەوتی یەکجارەکی بۆ گەراندنەوەیان بۆ باوەشی کوردستان، ئەمەش لەرێگەی نەخشە رێگایەك کەبەناوی مادەی (58) ی یاسای کاتی بەرێوەبردنی وولاتی عیراق بۆ سالی (2004) لەژێر ناوی (ناوچە کێشەلەسەرەکان) و لەپاشان مادەی (140)(یاسایی بەرێوەبردنی کاتی ، پاشکۆی ژمارە (1) و (2). ی دەستووری عیراقی شوێنی گرتەوە، کەوەکو ناوچەیەك لەو ناوچانە دیاریکرا کە حوکمەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکات بگەرێتەوە سەر ئیدارەی (هەرێمی کوردستان) ئەمەش بووە خالی ناکۆکی لەگەل حوکمەتی عیراقی فیدرالی لەبەغدا. بەپێی مادەی (140) کەدوو برگە پێك دێت ، برگەی یەکەم جێ بەجێ کردنی گشت برگەکانی مادەی (58)ی یاسای کاتی بەرێوەبردنی وولات ، برگەی دووەم لەمادەی (140) بریتیە لەسێ قۆناغ کەبریتین لە (ئاسایی کردنەوە ، سەرژمێری ، راپرسی) تاکۆتایی (2007\7\31). (محمد،٢٠١١،لا 53). کێشەی ناوچە (کێشە لەسەرەکان) بەگشتی و قەزای مەخموور بەتایبەتی لەسەردەمی هەرسێ حوکمەتەکەی(ئەیاد عەلاوی ، ابراهیم جەعفەری،نوری مالیکی) ،هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەهاوێشت و پێچەوانەوە سیاسەتی کات کوشتن ومانۆری سیاسی ودیبلۆماسی یان گرتە بەر،بۆیە دەبوایە مادەکە بەم شێوەیە جێ بەجێ بکرایە(هیتۆتی ،2009،لا 2014).

- لە 20\ 3\2007 قۆناغی ئاسایی کردنەوە کۆتایی پێ دێت.

- لە 2007\7\31 قۆناغی ئەنجامدانی سەرژمێری.
- لە 2007\12\31 قۆناغی ئەنجامدانی راپرسی و ریفراندۆم بوو.

بەڵام ئەم ماوەیەش تێ پەری کێشەکە جێ بەجێ نەکرا و هەرچەندە لەسەر داوای (نەتەوە یەکگرتووەکان) کە ماوەی (6) مانگ درێژکرایەوە ئەمەش هەردوو لایەنی کوردستانی و عیراقی پێ ی رازی بوون ، لەپاشان کێشەی (ناوچە کێشەلەسەرەکان و قەزای مەخموور) وەك خۆی ماوە بەهلپەسێدراوی ، ئەمەش بەپێ ی مادەی (58)ی یاسی کاتی بەرێوەبردنی وولاتی عیراق کە تێدا هاتووە دەلی ئەگەر هەردوو لا نەگەیشتنە رێکەوتن ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە ناو کێشەکە ، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك (نەتەوە یەکگرتووەکان ) بەپێ ی بریاری ژمارە (1770 /لەرێکەوتی 2007) لەرێگەی نوێنەرەکەی لەعیراق (ستیڤان دیمستۆرا) (خالید ،2012،لا 208) ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (ناوچەکێشەلەسەرەکان) بەگشتی و (قەزای مەخموور) بەتایبەتی چەند هەولێکی دا ، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (قەزای مەخموور)سەردانی ناوچەکەی کرد و لەنزیکەوە چاوی بە دانیشتوانەکەی کەوت ، (دیمستۆرا) لەگەل هەردوو نەتەوەی (کورد و عەرەب) بەجیا دانیشت لەگەل سەرۆك هۆزەکانی نەتەوەی عەرەب ، لەئەنجامدا گوێ بیستی داواکانی هەردوو لا بوون (کوردەکان) داوایان کرد بگەرێنەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەڵام (عەرەبەکان) بوونە دووبەش : بەشێکیان دانیشتووی ناحیەی (گوێر) بوون داوایان کرد بگەرێنەوە سەر ئیدارەی پارێزگای هەولێر چونکە پێیان وابوو ناوچەکەیان لەلایەنی هەرێمی کوردستانەوە زیاتر خزمەت کراوە، بەشی دووەمیان : عەرەبەکانی ناحیەی (قەراج) بوون کەئەوانیش دابەش ببوونە سەر دووبەش هەندێ لەسەرۆك هۆزەکانی دانیشتووی ناحیەکە رازی بوون بگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام هەندێ لەسەرۆك هۆزی ناحیەکە لە (موسل) نیشتەجێ ببوون داوایان کرد نەگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ئەمەش وای لە (دیمستۆرا) کرد سەردانی ناحیەکە بکات لەنزیکەوە چاوی بەرەوشی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دانیشتوانەکە بکەوێت، ئەمەش لەدوای ئەم سەردانە راپۆرتێکی ئامادەکرد لەسێ قۆناغ پێکهاتبوو کە لەپێشوودا باسمان کردووە.

گۆرانکارییەکانی پاش (2003)، هەلبژاردنی سالی (2005)، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، سکالا و قەربووکردنەوە ، بارودۆخی ئاسایش ) . بەڵام (د.محمد احسان) رایگەیاند کەپێش ئامادەکردنی راپۆرتەکە لەگەل (دیمستۆرا) رێکەوتین لەسەر ئەوەی (پشت بە هەلبژاردنی سالی (2005) ببەستین بەم شێوەیە:(( ئەگەر لایەنی کوردی لەهەلبژاردنەکە زیاتر لە(70%) هێنابی لەناوچەیەك ئەوا ناوچەکە دەبێتە ناوچەکی کوردستانی، لەبەرامبەریشدا هەردوو نەتەوەی (تورکمان و عەرەبەکان) هاوبەش دەبن لەو ناوچەیە لەبەرێوەبردنی ئیدارەی ناوچەکە ، بەهەمان شێوە بۆ هەردوو نەتەوەی (تورکمان و عەرەب) لەناوچەکانی تر کە زیاتر (70%) یان بەدەست هێنابی)). (چاوپێکەوتن لەگەل دکتۆر محمد احسان ،2013\8\26 )

بەڵام ئەگەر زیاتر لەراپۆرتی (دیمستۆرا) ووردبینەوە دەبینین زۆرپشتی بەبنەمای (مێژووی ئیداری) بەستووە زیاتر لەبنەماکانی تر و پشکی شێری بەرکەووتووە ، هەرچەندە (دیمستۆرا) ئاماژەی پێکردووە کە ئەم بنەمایە زۆر بایەخی پێنەدراوە بەڵام لەخستنەرووی راپۆرتەکەیدا لەسەر هەر چوار قەزایەکە بەروونی دیارە (محمد،٢٠١١،لا 69)، سەبارەت بەراپۆرتەکەی لەسەر قەزای مەخموور بەم شێوەیە باسی و پێشنیاری کردووە :

(( قەزای مەخموور هەر لەسەرتای دروستبوونی لەسالی (1932) سەر بە پارێزگای هەولێرە ، لەپاش سالی (1996) ئیدارەی قەزاکە بەبێ بریارێك و یاسایەك خرایە سەر پارێزگای نەینەوا هەروەکو لەراپۆرتەکە هاتووە ،ئەمەش بووە یارمەتی دەرێك بۆ بەدیارنەکەوتن و ناروونی ئیدارەی قەزاکە کەبووە هۆی بەربەست لەبەردەم پرۆسەی (پەرەپێدان) هەر ئەمەشە وای کردووە ببێتە یەك لەو قەزایانەی عیراق کە کەمترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە ، ئەوەی زۆر نامۆ و سەرسورهێنەربوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەراپۆرتەکەیدا پێشنیاری دابرانی (ناحیەی قەراج) دەکرێ لەقەزاکە بەهانای ئەوەی هەندێك لەسەرۆك هۆزەکانی عەرەب داوایان کردووە بخرێتە سەر پارێزگایەك و دەوروبەری یان قەزایەکی نزیك لەناحیەکە ، ئەوەش لادانە لەو پێوەر و بنەمایانەی کە شاندی (نەتەوە یەکگرتووەکان) دایانرشت بوو بۆ جیاکردنەوە و یەکلایی کردنەوەی کێشەی ناوچەکان.

هەروەها (دیمستۆرا) لەراپۆرتەکەیدا راسپاردەی تری کرد بروای وابوو پێویستە رێوشوێنی زۆرتری بگرێتەبەر بۆ دروستکردنی بروا بەیەك بوون و زامن کردن لەنێو پێکهاتە جیاجیاکانی دانیشتوانی قەزاکە و هەروەها کۆمەلگا عەرەبیەکان و دانیشتوانی عەرەب داهاتیان بەشێوەی یەکسان بەسەر دابەشبکرێ و بتوانن لەدام و دەزگاکانی حوکمەتی ناوچەکە دابمەزرێنن و بەشداربن لەحوکمەت و هێزی ئاسایش، هەروەها زامن کردنی زیاتر بۆ تۆمارکردنی ناسنامەی باری کەسێتی بۆ هەموو دانیشتوانی قەزاکە بەشێوەیەکی راست و دروست و هەروەها ئازادی لەبەکارهێنانی زمان و هاتوچۆکردن لەناوچەکە و خزمەتکردنی زیاتری ناوچەکە بەپرۆژەکانی پەرەپێدان. (خالید ،2012،لا 2012-2011)

**2-2-2** هەلسەنگاندنی راپۆرتەکە دیمستۆرا لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە:

(ستیڤان دیمستۆرا) بۆ یەکلایی کردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی (قەزای مەخموور و ناوچەکانی کێشەلەسەر) پشتی بەم بنەمایانە بەستووە: (مێژووی ئیداری ، ئاستی خزمەتگوزاری ، گۆرانکارییەکانی پاش (2003)، هەلبژاردنی سالی (2005)، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، سکالا و قەربووکردنەوە ، بارودۆخی ئاسایش ). بەگشتی راپۆرتەکە ئەگەر لێی ووردبینەوە زۆرپشتی بەبنەمای (مێژووی ئیداری) بەستووە زیاتر لەبنەماکانی تر ، بەڵام راپۆرتەکە لە(قەزای مەخموور) دەبینین هیچ (بنەمایەك و پێوەرێك)ی پێوە دیارنیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی قەزاکە و جیاکردنەوەی ناحیەی (قەراج) لەقەزاکە هەروەکو لەم خاڵانەی خوارەوە شی کردنەوە و هەلسەنگاندنی بۆ دەکەین:

1- ئەگەر راپۆرتەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (قەزای مەخموور) پشتی بەبنەمای (مێژووی ئیداری) بەستووە ، ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە(قەزای مەخموور) هەر لەسالی (1927) کەبووە قەزا سەر بەپارێزگای هەولێرە و ناحیەی قەراجیش وەك بەشێك لەو قەزایە تاسالی 1957 بەفەرمی بووە ناحیە، تا سالی (1996) کەبەبێ هیچ بریار و یاسایەك لەلایەن رژێمی بەعس خرایە سەر پارێزگای (نەینەوا) ، ئەمەش بەلایەنی مێژووی و جوگرافی دەیسەلمێنی کە قەزای مەخموور بەهەرسێ ناحیەکانی (گوێر ، کندێناوە ، قراج) سەر بە پارێزگای هەولێر بوونە.

2- ئەگەر راپۆرتەکە پشتی بەبنەمای (هەلبژاردنی سالی 2005) بەستووبێت ، هەروەکو پێش ئامادەکردنی راپۆرتە (دیمستۆرا) لەگەل لایەنی کوردی رێکەوتووبوون لەسەر ئەوەی ئەگەر (راپرسی) سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا پێویستە (هەلبژاردنی سالی 2005) ببێتە پێوەر بەم شێوەیە بێت (ئەگەر لەناوچەیەکی کێشەلەسەر هەر لیستێك توانی بووی زیاتر لە(70%) دەنگەکانی بەدەست هێنابی)ئەوا دەبێتە یەکلایی کردنەوەی ناوچەکە بۆ ئەم لیستە، قەزای (مەخمووریش بەهەرسێ ناحیەکانیەوە) لەو هەلبژاردنە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) توانی زیاتر لە(90%) دەنگەکانی بەدەست بهێنی ، ئەگەر لایەنی (عەرەبی) گومانی هەیە لەئەنجامی هەلبژاردنەکەی (2005) کەساختەکاری کراوە ، ئەوا دەلێن ئەم هەلبژاردنە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی (نەتەوەیەکگرتووەکان) بووە و رەزامەندی لەسەر دراوە لەئەنجامی ئەم هەلبژاردنەش حوکمەت و پەرلەمانی لی دروست بووە کە وولاتانی جیهان مامەڵەی لەگەلدا دەکەن و بۆیە دەبینین هەلبژاردنە زۆر گرنگی پێ نەدراوە و پشتی پێ نەبەستراوە لەراپۆرتەکەی (دیمستۆرا).

3- بنەمایەکی تر (گۆرانکارییە ئیدارییەکانی پاش 2003) ، بەپێی راپۆرتەکە پێی وایە ئەم ناوچانە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق سالی 2003 چ گۆرانکاریەکی ئیداری بەسەر هاتووە ، قەزای مەخمووریش لەدوای پرۆسەکە هیچ گۆرانکاریەك و زیادکردنی یەکەکی ئیداری بۆ نەکراوە و هەروەکو خۆی ماوەتەوە بەلکو لەسەردەمی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق ئەنجام دراوە بۆ

بەرژەوەندی (نەتەوەی عەرەب ) بووە لەسەر حیسابی کورد نەك پاش (2003) هەروەکی خۆی ماوەتەوە.

4- سەبارەت بەبنەمای (ئاستی خزمەتگوزاری) دەتوانین بلێن هەموو شارەکانی عیراق بەگشتی و ناوچەکێشەلەسەرەکان بەتایبەتی لەلایەن حوکمەتی عیراقی پاش (2003) وەك پێویست خزمەت نەکراوە و کەم وکوری زۆرە ، قەزای مەخمووریش وەکو ناوچەیەکی کێشەلەسەر هیچ خزمەتێکی وای نەکراوە لەلایەن ئیدارەی (موسل) و ئەوەی کراوەش لەلایەن ئیدارەی (هەولێر و حوکمەتی هەرێم) کراوە ، هەربۆ نموونە تەنها لە نەتەوەی (عەرەب) لەسنووری قەراج نزیکەی (400) مامۆستا لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێم دامەزراون ، بەلام ناوچەکە بێ خزمەتی پێوە دیارە چونکە حوکمەتی عیراق فەرامۆشی کردووە ، ئەگەر وەکو پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (قەزای مەخموور) لەلایەن (دیمستۆرا)وە دەبوایە بێ شك و گومان بخرایە سەر پارێزگای هەولێر نەك دابراندرابایە لەقەزای مەخموور.

5- دەربارەی بنەمای (بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی) بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی مەخموور ، ئەگەر ئەم بنەمایەش پشتی پێ ببەسترایە لەراپۆرتەکەی (دیمستۆرا) ئەمە لەبەرژەوەندی دەسەلاتدارنی کوردی ناوچەکە بوو ، چونکە یەکەمییان ئەو داهاتە ئابووریە سنووردارەی خەلکی ناوچەکە هەیانە هەمووی لەسایەی هاوکاریەکانی حوکمەتی هەرێمە و سەرەرای دۆزینەوەی هەلی کار لەشارەکانی هەرێم بۆ دانیشتوانی قەزای مەخموور بەگشتی و عەرەبەکان بەتایبەتی کە بەسەدان کرێکاری عەرەبی ناوچەکە کاری دەکات ، ئەوەش نەبووایە دانیشتوانی ناوچەکە لەژێر هێلی هەژاری دا دەژیان ، دووەمیان باردۆخی کۆمەلایەتی لەناوچەکە تا ئێستا توانراوە ئەو برایەتی و پێکەوەژیانە نێوان هەردوو نەتەوەی (عەرەب و کورد) هەیە بپارێزرێت و هیچ رووداوێکی نەخوازراو رووی نەداوە لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- سەبارەت بەبنەمای (بارودۆخی ئاسایش) ی ناوچەکە لەژێر دەسەلاتی هێزەکانی پێشمەرگە دایە، ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات تا ئێستا هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕووی نەداوە کەچی لەکاتی بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حوکمەتی عیراقی بەدەستی نەبوونی ئاسایش دەینالاند تەنها ئەو ناوچانە نەبێت کەلەژێر کۆنترۆلی هێزەکانی پێشمەرگە بوون و قەزای مەخمووریش یەکێك بوون لەو ناوچانە کەلەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئاسایشیان بەرقەرار بوو بەبێ جیاوازی لەنێوان هەردوو نەتەوەی (عەرەب و کورد) کەسەرو مالی دانیشتوانەکەیان دەپارێزی، کەچی لەراپۆرتەکەی دیمستۆرا ئەمەش هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوە.

7- سکالا و قەرەبووکردنەوەی هاولاتیە زیان لێکەووتووەکانی دەست ڕژێمی بەعس وەکو بنەمایەك دانراوە لەراپۆرتەکە ، بەڵام دەبینین ئەم بنەمایەش هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوە چونکە دانیشتوانی قەزای مەخموور لەسەردەمی ڕژێم زەوییە مولکەکانیان (اگفاو) کرا و دابەش کرا بەسەر عەرەبە هاوردەکان و چەندین خێزان کورد خانوو و گوندەکانیان لێ تێکچوو و دەرکران (ترحیل) لەناوچەکە و لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق سالی (2003) لەچوارچێوەی مادەی (140)ی دەستووری عیراقی زۆربەی خێزانەکان چەکی قەرەبوویان وەرگرتەوە و قەربوو کرانەوە لەو زیانانەی لێیان کەوتووە ، ئەمەش لەراپۆرتە کەدا فەرامۆش کراوە چونکە زۆربەی دانیشتوانی کوردی قەزاکە و ناحیەکانی ئەم قەرەبووەیان پێدرا بەلام ڕاپۆرتەکە گرنگی پێ نەداوە.

8- بنەمایەکی تری دەرەوەی ئەوانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد ئەویش بریتی بوو لە ( وەرگرتنی بیروڕای دانیشتوانی ناوچەکە و ڕێژەی دانیشتوان بەگوێرەی نەتەوە و ئاین) ، دیمستۆرا ئەمەی جێ بەجێ کرد لەسەر قەزای مەخموور بەگشتی و ناحیەی قەراج بەتایبەتی بەڵام لەمەشدا لەناحیەی قەراج کاتێ قسەی عەرەبەکانی ناوچەکەی وەرگرت زۆربەی لەگەل ئەوەدا بوون بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی پارێزگای هەولێر ، تەنها هەندێ لەسەرۆك هۆزی عەرەبی کەدانیشتووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارێزگای (نەینەوا) بوون و هەندێ لە سەرانی رژێم لە (ئوردن) کە پەیوەندیان بە (دیمستۆرا) کرد و رازی نەبوون بگەرێنەوە سەر پارێزگای هەولێر .

ئەمەش لەکۆتایی هەلسەنگاندنی بنەماکان بۆمان روون دەبێتەوە کە (دیمستۆرا) لەراپۆرتەکەی دەربارەی ناحیەی قەراج تەنها پشتی بە وەسفکردن و قسەی هەندێ کەس بەستووە ، ئەوەش کەوتۆتە گەورەترین هەلەی (مێژووی و جوگرافی و ئیداری و دەستووری و کۆمەڵایەتی و ئەثنۆگرافی) لەقەزای مەخمور.

دەرئەنجامەکان//

1- قەزای مخمور پێگەیەکی گرنگی هەیە لە چوارچێوەی پارێزگای هەولێر، چونکە دەروازەیەکی فراوانی تەواوی دەشتی هەولێرە و نێوەندێکە کە هەرسێ شاری (هەولێر و کەرکوک و موسڵ) بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

2- بەهۆی باردۆخی سیاسی هەر لە ساڵی (١٩٥٧) تاکو (٢٠٠٣) بەردەوام گۆڕانکاری ڕویداوە لە یەکە کارگێریەکانی

3- رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان زیاتر مەبەستی ئیدارە دان و بەڕێوەبردنی کێشەکەیە زیاتر لە چارەسەرکردن بە ئامانجی ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدابێت نموونە کێشەی (کشمیر،بیابانی خۆرئاوا،فەڵەستین).

1- قەزای مەخموور وەك ناوچەیەکی (کێشەلەسەر) لەچواچێوەی مادەی (58)ی یاسای کاتی بەرێوەبردنی وولات و مادەی (140)ی دەستووری عیراقی بوو ، ئەمەش لەو ماوە کاتەی دیاریکراوەدا جێبەجێ نەکرا و (نەتەوە یەکگرتووەکان) هاتنە ناو کێشەکەوە لەرێگەی نوێنەرەکەی (نەتەوەیەکگرتووەکان) دیمستۆرا لەعیراق دا راپۆرتێکی لە (3) قۆناغ ئامادەکرد و

(قەزای مەخموور) خۆی لەقۆناغی یەکەم خۆی بینیەوە ، لەپاش ئامادەکردنی راپۆرتەکەی بریاری دا مەخموور بگەرێتەوە سەر پارێزگای هەولێر جگە لە ناحیەی (قراج)نەبێت.

2- بەپێی بنەماکانی راپۆرتی دیمستۆرا بۆ یەکلای کردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی (قەزای مەخموور) و ناوچەکانی تر چەند بنەمایەك بوو پشتی پێ بەستبوو بەڵام ئەوەی تێبینی کرا دابراندنی (ناحیەی قراج) لەقەزاکە لەگەل بنەماکانی خۆی کە داینابوو نەدەگونجا.

3- لەئەنجامەکانی راپۆرتی دیمستۆرا دەربارەی (قەزای مەخموور) ئاماژەیەکی باش هەبوو کەبریتی بوو لە ئەوەی بەبێ هیچ بریارێك و یاسایەك قەزای مەخموورختراوەتە سەر موسل ، بەڵام ئەنجامەکانی تر وەك پێویست نەبوو لەگەل ئەرزی واقع ناگونجێت.

راسپاردەکان//

1- پێویستە سەرکردایەتی کورد پێداچوونەوەیەك لەسەر سنووری (ناوچەکێشەلەسەرەکان) بکات بەوەی کە (قەزای مەخموور) لەچوارچێوەی ئەم ناوچانە بێنێتە دەرەوە.

2- پێویستە پەلە بکرێت لە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان چونکە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوەدەدەن پرۆسەی (تعریب) بەجۆرێک لەجۆرەکان دەستی پێکردووە هەروەها پەلە بکرێت لەجێبەجێ کردنی مادەی (140)ی دەستووری عیراقی و هیچ جێگرەوەیەك بۆ ئەم مادەیە نەخرێتە بەرباس بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

3- پێویستە دەسەلاتدارانی کورد داوا بکەن بۆ گەرانەوەی مەخموور چونکە هیچ بریار و یاسایەك نیە بۆ بەستنەوەی ئەم قەزایە بەپارێزگای موسل.

4- پێویستە پەرلەمنتار و وەزیرەکان و نوێنەرانی کورد لەبەغدا هەنگاوی جدی بهاوێژن بۆ چارەسەرکردن وجێبەجێ کردنی مادەی (140) دەستووری و ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی بۆ عیراق.

5- خۆئامادەکردنی لایەنی کوردی لەئەنجامدانی راپرسی بۆ قەزای مەخموور چ لەرێگەی میدیاکارەکان و جوگرافی ناس و مێژووناس و یاساناسەکان ....هتد بۆ سەرخستنی راپرسیەکە بەتایبەت لەم دوایە هەوڵێکی دەسەڵاتی ناوەندی هەیە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری ئەویش بەسوود وەرگرتن لە نەبوونی هێزە کوردییەکان لە ناوچەکە.

6- دەرهێنانی ناوچەکێشەلەسەرەکان بەگشتی قەزای مەخموور بەتایبەتی لە خشتەی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان چونکە سەرکەووتوو نەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەکان.

**لیستی سەرچاوەکان:**

یەکەم: سەرچاوەی کوردی

- پەرتووک:

١- خلیل اسماعیل محمد، دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراست،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2012

٢-نەوزاد عبدالله هیتۆتی،دۆزی کورد لەعیراقداومیکانزمەکانی چارەسەرکردنی، چاپخانەی دهۆك، ،دهۆك، 2009

- ئەتلەس:

١ – هاشم یاسین حەمەد ئەمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق ، لەزنجیرە بڵاوکراوە جوگرافییەکانی کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، 2009

- چاپەمەنی حکومی:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی **(GIS)**.

٢- یاسای بەرێوەبردنی دەولەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستراوە بۆ سالی (2004)

٣- دەستووری هەمیشەیی عیراق بۆ سالی (2005).

- چاوپێکەوتن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز: دکتۆر محمد احسان، نوێنەری نوسینگەی حوکمەتی هەرێم لەبەغدا ، لەرێکەوتی 2013\8\26 لەلایان قوتابی ماستەر (سیروان حسێن اسماعیل) دەربارەی مادەی ١٤٠.

دووەم: سەرچاوەی عەرەبی:- پەرتووك:

١- امين حاميد هويدى،الفرص الضائعة القرارات الحاسمة في حربي الإستنزاف و أكتوبر، بيروت،١٩٩٢
٢- خليل اسماعيل محمد ، اربيل دراسات ديموغرافيه - اقتصاديه ،المديريه العامه للثقافه والفنون, اربيل , 2003.
٣- خليل اسماعيل محمد ، القضيه الكورديه بين مطرقه دول الجوار وسندان الحكومات العراقيه ، مطبعه موكريان، اربيل 2012
٣- خليل اسماعيل محمد ، المناطق المتنازع عليها دراسه فى الجغرافيه السياسيه، مطبعه رۆژهەلات، اربيل ، 2011
٤- خليل اسماعيل محمد ، كردستان العراق دراسات فى الجغرافيه السياسيه ، مطبعه صلاح الدين ، اربيل ،2011،
٥- رۆژهات ويسى خاليد،مشكله المناطق المتنازع علها فى العراق،اقليم كردستان نموزجآ، مطبعه جامعه دهۆک،٢٠١٢.

سێ یەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:- پەرتووك:

1- Hans Kelsen, principles of international law, New York, 1966.
2- Mitchell, C. R.1981. The Structure of International Conflict. Macmillan. Part 1: The structure of Conflict, pp. 15-46. Part 6: Conflict behavior.
3- Louis kriesberg, the Grouth of conflict resolution, in Chester A. Crocker, Finisher and Pamela all (Eds) Leashing the Poge of Washington. D. C, 2007.

## پاشکۆی ژمارە (1)

دەقی ماددەی (58)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستراوە بۆ سالی (2004)

(أ)- حکومەتی گواستراوەی عیراق ،بە تایبەتیش دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکی مولکداری خانووبەروە و لایەنی دیکەی پەیوەندار ،زۆر بەپەلە هەنگاو دەنێن بۆ لابردنی ئەو زولم و ستەم و چەوساندنەوەی خەلك کەلە رێگەی رەفتارەکانی رژێمی پێشوو روویداوە بریتین لە: گۆرینی بارودۆخی دانیشتووانی ناوچەیەکی دیاریکراوی بە نموونە کەرکوك کەلە رێگەی راگواستن و سەر وون کردنی (نفی) خەلکی لە جێگای نشینەی خۆیانەوە ،هەروەها بە هۆی کۆچ پێکردنی بە زۆرە ملێ لە ناوەوە و دەرەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەکەدا ،پاشان نیشتە جێ کردنی خەلکانی نامۆ لە ناوچەکە و بێ بەشکردنی دانیشتووان لە مافی کارکردن و راستکرندنەوەی نەتەوەیی (تصحيح القوميه ). جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم زولم و ستەمە ،پێویستە لەسەر حکومەتی گواستراوەی عیراق ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێ:

١- دەربارەی نیشتەجێ کراوەکان و راگوێزراوەکان و سەروونکراوەکان (المنفيين) و کۆچ پێکراوەکان و کۆچکراوەکان خۆگونجاندیان لەگەل یاسای دەستەی بالای چارەسەر کردنی ناکۆکی مولکدارێتی و خانوو بەرەشدا بگونجێ،هەروەها لەگەل گرتنە بەری رێوشوێنی یاسایی دیکەشدا بگونجێ، پێویستە حکومەت لە ماوەیەکی گونجاودا نیشتەجێ پێکراوەکان بگەرێنێتەوە بۆ  سەر مال و مولکی خۆیان ،خۆ ئەگەر ئەوەش نەگونجاو و نەکرا ئەوە لە و بارەدا پێویستە حکومەت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبوویان بکاتەوە .

٢- دەربارەی ئەو کەسانەی کە گوازراونەتەوە بۆ ناوچە و شوێنێکی دیاریکراو،ئەوە پێویستە لەسەر حکومەت بە پێی ماددەی (10) لە یاسای دەستەی باڵای چارەسەری ناکۆکیەکانی مولکداریی خانووبەرە بۆ مسۆگەرکردنی دووبارە نیشتە جێ کردنیان یان مسۆگەرکردن و وەرگرتنی قەرەبوویان لەلایەن دەولەتەوە ، یان زەوی نوێ لە دەولەت لە نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەو پارێزگایەدا وەربگرن کە لێوەی هاتبوون ،یان بواری ئەوەیان بۆ ئاسان بکرێت قەرەبووی ئەرك و تێچوونی چوونەوەی ئەو ناوچانەیان بۆ بکرێتەوە .

٣- دەربارەی ئەوانەی لە دامەزرانی وەزیفی یان هەلی کار بێ بەش کراون بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن جێگای نیشتەجێ بوونیان جێ بهێلن و لەو هەرێم و زەویانە کۆچ بکەن و برۆن،پێویستە لەسەر حکومەت هەلی کاری نوێ  بدات تا بتوانن لەو ناوچانە و زەویانە کار بکەن .

٤- دەربارەی راست کردنەوەی نەتەوەیی ئەوە پێویستە حکومەت هەموو ئەو بریارانەی کە پەیوەندیان بەو بابەتەیە هەلبووەشرێتەوە ، رێگاش بدات بەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە  مافی ئەوەیان هەبێت بریار لەسەر  ناسنامەی نیشتیمانی و ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان بکەن بەبێ فشار و زۆر لێ کردن.

(ب)- رژێمی پێشوو دەستکاری لە سنوری ئیدارەکان و شتی دیکەشدا کردووە بۆ بە دیهێنانی ئامانجی سیاسی خۆی ،پێویستە سەرۆکایەتی و حکومەتی گواستراوەی عیراق راسپاردە گەلێك بخاتە بەردەم کۆمەلەی نیشتیمانی بۆ چارەسەر کردنی ئەو گۆرینە ناهەموارانە، لە حالەتێکدا ئەگەر سەرۆکایەتی نەیتوانی بە کۆی دەنگ رەزامەندی لەسەر کۆمەلێ راسپاردە بکات ،ئەوە لەو بارەدا پێویستە لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی ناوبژیکەرێکی بێ لایەن بە کۆی دەنگ دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی لەبابەتەکە بکۆلێتەوە پێشنیازی خۆی پێشکەش بکات ، جا لە حالەتێکدا ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی رازی بێت لەسەر دانانی ناوبژیکەرکە بکات ،ئەوا لەو بارەدا پێویستە لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کەسایەتیەکی نێوە دەولەتی دابمەزرێنی ئەو ناوبژیکردنە بکات .

(ج)-یەکلایی کردنەوەی کۆتایی ئەو زەویانەی کە ناکۆکیان لەسەرە دوادەخرێ،لەوانەش کەرکوك تا تەواو کردنی ئەو رێشوێنەی سەرەوە ،ئینجا سەرژمێری ئاشکرا و پاك وبێگەردی دانیشتووان بە شێوەیەکی رەوا بکرێ تا دەستووری هەمیشەیی عیراق رەزامەندی لەسەر دەدرێ ، ئەم یەکلایی کردنەوەش پێویستە بە شێوەیەك بێت و بگونجێ لەگەل سەرەتاکانی دادپەروەری و رەچاوی ئیرادەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بکرێت.( یاسای بەرێوەبردنی دەولەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستراوە بۆ سالی (2004))

پاشکۆی ژمارە (2)

دەقی ماددەی (140) ی دەستووری هەمیشەیی عیراق بۆ سالی (2005)

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەلدەستێ چەندین هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواو کردن و جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ماددەی (58) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستراوە بە هەموو بڕگەکانیەوە. .

دووەم: ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لە حکومەتی گواستراوە کە لە ماددەی (58) یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستراوەدا ئاماژەی پێکراوە بەردەوام دەبێت و تا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتێکی جێبەجێ کردنی هەڵبژێردراو بە گوێرەی ئەو دەستوورە بۆ ئەوەی

بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوك و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاری کردنی ویستی هاوڵاتیان ) لەماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی 31\12\ 2007 تێپەر نەکات

## The role of the United Nations in solving the problem of Kurdistan region outside the administration of Kurdistan

## (Stefan Demstora's report on the district of Makhmour model)

**Asst. Lect. Sangar Ahmed Hussein**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region – Iraq
sangar.hussein@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Serwan Arab Sadiq**

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region – Iraq
serwan.sadiq@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Hamed Abdulla Salih**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region – Iraq
hamed.salih@su.edu.krd

***Keywords:*** *Disputed areas, Stefan Demstora's report, Makhmour, Article 140, Kurdistan regions*

## Abstract

The problem of the Kurdistan regions that are located outside the administration of the Kurdistan region One of the most important outstanding problems between the Kurdistan regional government and the Iraqi government, this problem has taken on an international dimension parallel to its internal dimension, and its solution seemed to require a joint effort on all sides. After the March 1991 uprising, much of The Kurdistan territory of Iraq was liberated and parts of it remained under the control of the Iraqi government until the fall of the former regime in 2003 After that, these areas were liberated and became a point of contention between the Iraqi government and the Kurdistan regional government, which led to the Kurds' insistence on installing a special article for these areas in the state law for the transition in 2004 under article 58, after which this article was referred to the permanent constitution of Iraq within the Article 140 under the name "Disputed Areas", which covered areas ranging from Sinjar district to the study area of Finished in Badra district. This article addressed the problem in three stages and in a specific period of time In 2007, this time period had passed and the article had not been applied, so the problem arose again and both the Kurds and the Iraqi government agreed to the intervention of the United Nations to solve the problem.

Through this study, we are trying to shed light on the district of Makhmour as one of the axes of the disputed areas, which was addressed in the report of the UN representative on solving the problem The problem of studying is procrastination, lack of satisfactory treatment, and the fact that the problem remains the same and

complexity over time. The study aims to analyze the role of the UN representative in bringing the parties closer together. To achieve the goal of the study, the study was divided into four axes, the first axis dealt with the geographical dimension of the study area, while the second axis touched on the definition of crisis management by the United Nations, while the third axis was devoted to the study of the role of the United Nations in addressing the problem of regions Disputed. The fourth axis dealt with the report of the Un Representative Stéphane Dimstora on the district of Makhmour. In the end, the study reached a set of conclusions and recommendations.

-------------------------------------------------------------

# دور منظمة الامم المتحدة في حل مشكلة المناطق الكوردستانية الخارجة عن ادارة اقليم كوردستان

## (تقرير ستيفان ديمستورة حول قضاء مخمور انموذجاً)

**ملخص:**

تعد مشكلة المناطق الكوردستانية التي تقع خارج ادارة اقليم كوردستان من اهم المشاكل العالقة بين حكومة اقليم كوردستان والحكومة العراقية، وقد أخذت هذه المشكلة بعدا دوليا موازيا لبعدها الداخلي، وبدا حلها يتطلب جهدا مشتركا من جميع الاطراف. فبعد انتفاضة آذار سنة1991 تحرر جزء كبيرٌ من اراضي كوردستان العراق وبقيت اجزاء منها تحت سيطرة الحكومة العراقية حتى سقوط النظام السابق عام 2003، وبعدها تحررت هذه المناطق واصبحت من جديد نقطة خلاف وصراع بين الحكومة العراقية وحكومة اقليم كوردستان، وهذا ما ادى الى اصرار الكرد على تثبيت مادة خاصة بهذه المناطق في قانون الدولة للمرحلة الانتقالية عام 2004 تحت بند مادة 58، وبعدها احلت هذه المادة الى دستور العراق الدائم ضمن بند مادة 140 تحت اسم (المناطق المتنازع عليها) والتى شملت المناطق التى تمتد من قضاء سنجار مروراً بمنطقة الدراسة منتهيا بناحية بدرة. وقد عالجت هذه المادة المشكلة في ثلاث مراحل وفي فترة زمنية محددة تنهتي عام 2007، وقد مضت هذه الفترة الزمنية المحددة ولم تطبق المادة لذلك برزت المشكلة من جديد واتفق كل من الكورد والحكومة العراقية على تدخل الامم المتحدة لحل هذه المشكلة.

نحاول من خلال هذه الدراسة القاء ضوء على قضاء مخمور كأحد محاور المناطق المتنازع عليها والتى تناولها تقرير ممثل الامم المتحدة الخاص بحل المشكلة.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تتمحور مشكلة الدراسة في المماطلة وعدم ايجاد معالجة مرضية، وبقاء المشكلة على حالها وتعقدها بمرور الزمن. وتهدف الدراسة إلى تحليل دور ممثل الامم المتحدة في تقريب الاطراف المتنازعة. ولتحقيق هدف الدراسة تم تقسيم الدراسة إلى أربعة المحاور، فقد تناول المحور الأوّل البعد الجغرافي لمنطقة الدراسة، أمّا المحور الثاني فقد تطرق الى التعريف بإدارة الازمات من قبل الامم المتحدة، في حين أنّ المحور الثالث خُصّص لدراسة دور الامم المتحدة في معالجة مشكلة المناطق المتنازع عليها. أمّا المحور الرابع فقد تناول بالتحليل والتقييم تقريرَ ممثل الامم المتحدة ستيفان ديمستورا الخاص بقضاء مخمور. وفي النهاية فقد توصلت الدراسة الى مجموعة من الاستنتاجات والتوصيات.